

# پەیامی سەرۆکی ژووری بازرگانیی دیاربەکر

غالپ ئەنساریئۆگلوو

**جەنابی سەرۆک، میوانە بەڕێزەکان**

دەمەوێت سوپاسی ئەو دوستە بەرێزانە بکەم، کە ئەم کۆبوونەوەییان ڕێکخستووە، هەر بەم هۆیەوە دەتوانین هەموو ئەو بەها هاوبەشانەی لە دێرزەمانەوە دەیانزانین و دەرکیان پێدەکەین و لە ناو خۆماندا دەیانڵێینەوە، ئیدی لەمەودوا بە دڵێکی فراوانەوە بەیەکدییان بڵێین. هەرچەندە بڕێک وەدوا کەوتووین، بەڵام دانیشتنی ئەمڕۆمان پێکەوە و باس کردنمان لە کێشە و تواناکانمان، زۆر گرنگ و بەبایەخەن.

تا ئەمڕۆ هەمیشە بە ناسنامەی سیاسییەوە بیروبۆچوونە سیاسییەکانی خۆم دەربڕیون. وەک سەرۆکی ژووری بازرگانیی دیاربەکر، بۆیەکەم جار سەبارەت بە بواری ئابووری، بیروبۆچوونەکانی خۆم پێشکەش دەکەم. بەڵام دیسانەوە سیاسەت و ئابووری پێکەوە هەڵدەسەنگێنم. چونکە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، ئەوە هەر وا بووە. لە پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و عێراق، بە تایبەتیش لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا، سیاسەت ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە.

لەبەر ئەوەی دراوسێکانی ئەمڕۆی تورکیا هەر هەموویان لە ئیمپڕاتورییەتی عۆسمانییەوە جیا بوونەتەوە، تورکیاش دراوسێی ڕۆژئاواییەکانی خۆی وەکوو هێرشکەر و جیاکەرەوە دراوسێی ڕۆژهەڵاتییەکانیشی وەک خیانەتکار بینیوە. بەم هۆییەوە هەمیشە لە پەیوەندییەکانی خۆیدا، تۆشی گۆمان و دڵەڕاوکێ بووەتەوە. بەم هۆیانەوە، کاتێک کە لە جیهاندا ڕێژەی بازرگانیی وڵاتێک لەگەڵ دراوسێ نزیکەکانی لە (٦٠٪)ـە، ڕێژەی بازرگانیی تورکیا لەگەڵ دراوسێکانیدا دەوروبەری (١٠٪)ـە. لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا کە سیاسەت بەرەژوەندییە هاوبەشەکانی دەوڵەتان دەستنیشان دەکات، لای ئێمە بە پێچەوانەوە، بەرەژوەندییەکانمان قۆربانیی سیاسەت کراون. دەسەڵات و هێمنایی لەسەر بنەمای ترس بنیاد نانرێن. ئەو وڵاتانەی کە بە ترسەوە هەڵسووکەوت دەکەن، هیچ کات خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز نابن. دوای ئەم هەڵسەنگاندنانەمان، سەرەتا با بێنە سەر بارودۆخی بازرگانیی نێوان ئێمە و عێراق و هەرێمی کوردستان.

بڕی بازرگانیی تورکیا لەگەڵ عیراق پێش جەنگی کەنداو نزیکەی ٢،٥-٣ ملیار دۆلار بوو. هەر لەو خاوبوونەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەکاتی جەنگدا دروست بوون، تا کاتی داگیرکردنی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە لایەن ئەمریکاوە، هیچ جوڵەیەکی ئەوتۆ نەدەبینرا. ئەو بازرگانییەی لە ساڵی ٢٠٠٦دا دەستی پێکرد، لە ساڵی ٢٠٠٧دا ٩،٩٪ و لە ساڵی ٢٠٠٨دا بەڕێژەی ٣٧،٥٪ زیادبوونی بەخۆیەوە دیوە. لە هێنانی کەلوپەلیش لە ساڵانی (٢٠٠٦ ـ ٢٠٠٧)دا ٧١،٦٪ بووە، کە ئەم ڕێژەیە لە (٢٠٠٧ ـ-٢٠٠٨)دا بۆ ١٠٤،٧٪ بەرز بووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٨ دا، سنووردار بوونی گەشەسەندنمان سەرەڕای گەشەسەندنی بازاڕەکان، پێویستە بوو بۆمان بێتە پەندێک.

قەبارەی بازرگانیی ساڵی ١٩٩٣مان کە ١٦٠ ملیۆن دۆلار بوو، دوای چەندین ساڵ لە دابەزین و لە ماوەی نێوان ١٩٩٨-٢٠٠٢ دا، با نەڵێین بە هۆی ئابلۆقەوە، بە تەواوەتی وەستابوو. ئەو بازرگانییەی لە ٢٠٠٣ـوە دەستی پێکردووە، تەنانەت

لە سەرەتای دەستپێکردنەکانیشییەوە توانیویەتی بگاتە ئاستێکی زۆر بەرز و ساڵ بە ساڵ زیاد بوونی بەخۆیەوە بینیوە. لە ساڵەکانی ٢٠٠٥-٢٠٠٦دا قەبارەی بازرگانی گەیشتۆتە نزیکەی ٣ ملیار دۆلار و لە ساڵی ٢٠٠٧ تیشدا، گەییشتە نزیکەی ٤ میلیار دۆلار. لە ساڵی ٢٠٠٦دا، ٪٧٠ بۆ ٪٨٠ی ئەو شتومەکانەی لە ناوچە کوردییەکەوە بازرگانیی پێوە دەکرا، لە ڕێی تورکیاوە دەکرا. بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠٠٨دا بە بڕی ٪٢٥ بۆ ٪٣٠ کێشانەوەی بەخۆیەوە دیوە.

* لە ناوچەکەدا نزیکەی ٢٠٠ هەزار تەنکەری پێترۆڵ لە عیراقەوە دەگوێزرێنەوە. گەر تێکڕای ژمارەی ئەندامانی خێزان بەسەر ٧ کەسدا دابەش بکەین، ئەم بازرگانییە ژیانی ١،٤ ملیۆن کەس دابین دەکات.

* هەناردەکانی دیاربەکر بە تەنها ٪٥٥ی بۆ عیراقن.

* لە ئیدارەی هەرێمی کوردستانی عیراقدا نزیکەی ٥٠ هەزار هاووڵاتیمان کاردەکەن.

* لەم ناوچەیەدا نزیکەی ١٢٠٠ شەریکەی تورکی هەن.

* هەرچەندە لە ساڵانی دواییتردا کەمتر بووەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥دا ژمارەی گواستنەوە لە خاڵی سەرسنووریی خاپور ٥٦٣ هەزار بوو.

* تورکیا ٩٧ خاڵی سەرسنووری و ٢٧٠ خاڵی گومرگیی هەیە. تەنها بە خاڵی خاپوردا، لە دە یەکی هەناردەکانی تێپەڕ دەبن.

* ٢٠ هەزار کامیۆن هەن، کە سەر بە ٢٠٠ کۆمپانیا جیهانییەکانی گواستنەوەن.

*ئەمڕۆ ٪٩٥ـی ئاوەدانکردنەوەکانی کە لە ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا دەکرێن، لە ژێر دەستی کۆمپانیا تورکییەکاندان. ئەگەر شەش ملیار دۆلاری بازرگانی بخەینە پاڵ ئەو ١،٥ ملیار دۆلارەی کە لە ڕێی بۆریی نەوتەکانەوە دێن، دەکاتە ٥،٧ ملیار دۆلار. لە پاڵ ئەمانەشدا:

* تورکیا لەبارترین وڵاتە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان و خزمەتگوزارییەکانی هەموو عێراق و لەسەرووی هەموویانەوە بۆ ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

* تورکیا بۆ دابینکردنی ئەو هەموو پێداویستیی و خزمەتگۆزارییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، باشترین وڵاتە.

* تورکیا توانای دابینکردنی ئەو بڕە کارەبایەی هەیە کە ئیدارەی هەرێمی کوردستان پێویستییەتی.

* لە کاتێکدا عیراق ئەمینترین و لەبارترین ڕێگا بۆ گواستنەوەی ترانسیتەکانی تورکیایە بەرەو وڵاتانی کەنداو، تورکیاش ئەمینترین ڕێگایە بۆ گەیشتنی عیراق بە ئەورووپا و دەریای ناوەڕاست.

* ئیدارەی هەرێمی کوردستان گەورەترین بازار پێکدێنێ لەم ناوچە هەرە دواکەوتووەماندا، کە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵە.

* گەر بە تەواوی توانیمان ئەو پێترۆڵەی کە ئیدارەی هەرێمی کوردستان خاوەنیەتی دەربهێنین، ناوچەکە بەتەواوەتی دەبوژێتەوە.

* بۆریی نەوتی کەرکوک، هاوکاریکردنی بەزۆر هێناوەتە ئاراوە.

ئەم خاڵانە هەموو ئەوە نیشان دەدەن، کە هەموو پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان هەردوو وڵاتەکە، توانای تەواوکردنی یەکدییان هەیە و بە بەردەوامیی هاوکاریکردنی یەکدی لە ئاستێکی بەرزدا، هەردوو لا بێژمار سوودمەند دەبن . ئەم ناوچەیە کە گەورەترین بازارمانە، لە هەمان کاتدا هەموو مەرجە سەرەتاییەکانی پێکەوە بەرەوپێشچوونمان لە بەردەستن. هەموو شتێکمان لەبەردەستە بۆ زیاد کردن و بەرزکردنەوەی هەموو ئەو ژمارە و ڕێژانەی کە لەسەرەوە باسکران. لە هەمانکاتدا، پشتبەیەکتر بەستنمان، چەندین هەلی گرنگ دەخاتە بەردەممان. لەم چوارچێوەیەدا، دەتوانین بەم شێوەیە خاڵە پێویستەکانی بەئەنجامگەیاندن ڕیز بکەین:

* کردنەوەی فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی لە دیاربەکر و خستنەگەڕی هاتوچۆی ئەربیل-دیاربەکر.

* پێویستە هەر لە ئۆرفە و دیاربەکرەوە تا خاپوور، هێڵێکی ئۆتۆبان

دروست بکرێ.

* پێویستە هەوڵبدرێ بۆ دانانی هێڵی شەمەندەفەر لەنێوان تورکیا و حکومەتە هەرێمییەکەی کوردستاندا.

* پێویستە بازرگانییە سنوورییەکان، کە بۆ هەردوو دەوڵەت گرنگە و گرنگییەکی حەیاتیی بۆسەر ناوچەکەمان هەیە، ئاسانکارییان بۆ بکرێ و هان بدرێن. ئەگەرپێویست بێت، دەروازەی دووهەم بکرێتەوە.

* بۆ بەرەوپێشبردنی بازرگانیی سەر سنوور، سەرەتا پێویستە خاڵی سنووریی خاپوور بە هەموو تواناکانییەوە بخرێتە کار و میکانیزمە بیرۆکراتییەکانی بەردەمی، ئەوپەڕی کەم بکرێنەوە.

* ڕۆژانە لە کۆی ٣٠٠٠ تا ٣٥٠٠ کامیۆن، تەنها ١٠٠–تا ١٢٠یان لە کاردان، هەرچی زووە دەبێ ئەم ژمارەیە زیاد بکرێ.

* گەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە تەنها بە کردنەوەی خاپوور بە تەواوی توانایەوە دەتوانێ ٢٠٠–تا ٣٠٠ هەزار کارمەند بخاتە کارەوە، پێویستە بێکات بەفیڕۆدان، هەموو ئەو ئاستەنگانە بەتەواوی نەمێنن، کە لەبەردەم کردنەوەی خاپووردان.

* پێویستە لە بواری پەروەردەدا هاوکاریی یەک بکەین. لە ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا، خوێندنگەی تورکی هەن. هەزاران قوتابی لە تورکیاوە بۆ خوێندن دێنە ئەربیل.

* لە پێناو داهاتوویەکی درێژ خایەنی هاوبەشدا، پێویستە هەر ساڵ لە عێراقەوە بۆ زانکۆکانی تورکیا خوێندکار بهێندرێت، بە هەمان شێوە لە تورکیاشەوە بۆ زانکۆکانی عێراق ڕەوانە بکرێن.

* پێویستە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی کولتوورییەوە، هەر دوو وڵات ئەم زانکۆیانە بناسن.

لە ڕاستیدا پێویست بە دەسپێکردن و ئەنجامدانی کۆمەڵێک شتی زۆر هەیە. زۆربەی، هەر لەگەڵ ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکاندا خۆی دەستپێدەکات. بەڵام بۆ دەستپێک، چاوەڕوانی پەیڕەوکردنی شتی دەرەوەی دەقەکان دەکەین. سەردانێکی سەرۆککۆماری تورکیا بۆ ئەربیل، وەک سەردانە مێژووییەکەی بۆ ئەرمەنستان، جۆرێک لە کاریگەریی لە دەق لادان دروست دەکات. بە ڕاشکاوەنە دەڵێم، لە دوای چەند هەنگاوێکی ستراتیژی، ئەو سنوورەی لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا کێشراون، تەنها لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە. لەم پەیوندییەدا، تورکیا، عیراق، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو جیهان سوودمەند دەردەچن. چونکە لەو بازارانەوە نزیکین، کە کەمترین زیانیان لە قەیرانە ئابوورییەکانی جیهان بەرکەوتووە. بە هۆی ساڵانە، بوونمان بە خاوەنی ٣٠٠ ملیار دۆلار، دەتوانین ببینە گەورەترین ئەکتەری ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

پێویستە تورکیا لەوە دوور بکەوێتەوە، کە لە پێش هەموویان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دراوسێکانی وەک هەڕەشە ببینێت، بەڵکۆ لەگەڵیان لەسەرەوەی هاوکاریکردنی یەکتر، ستراتیژییەتی هاوبەش دابنێ و ئەم دراوسێیەتییە بخاتە خزمەتی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری.

لەم بارەیەوە پێشنیارەکەمان مۆدێلی بەنەلووکسە لە ناوبەینی تورکیا و هەرێمی کوردستان. ئەم مۆدێلە کە لەسەر بنەمای ئازاد سووڕانەوەی کەلوپەل و مرۆڤە، ڕێ لەبەردەم ئەم دوو وڵاتە دەکاتەوە، کە بەزۆر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەفەس وەردەگرن. سەیر کەین، نەتەوەیەکگرتووەکان بارەگای هەرە گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی خۆی لە هەولێر کردەوەتەوە. ئێستاش یازدە وڵات وەکوو رووسیا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، ئینگلیز، ئەمریکا و فەرەنسە هاتوونە هەرێمەکە و لە هەولێردا بالیۆزخانەیان کردۆتەوە. ئێرانیش لە هەرێمەکە دوو بالیۆزخانەی هەیە.

بەبیر هێنانەوەی بێ فایدە نییە: بالیۆزخانەکان لە بواری سیاسی، ئابووری، کولتووری و دیپلۆماتیکیدا خاوەن ئەرکن. بە هۆی ئەو ئەرکانەوە، بالیۆزخانەکان دەبنە هۆکاری گەورە بوونی ڕەسمیی وڵات و ئابووری وڵاتەکەیان. لەڕاستیدا ئێران بە کردنەوەی دوو بالیۆزخانە لە هەرێمەکە،

توانیویەتی لە بواری بازرگانیی دەرەوە سەرکەوتنی باشی بەدەست بهێنێت. تورکیا کە بە دیپلۆماسی ڕاکێشانییەوە باسی لێوە دەکرێت، ئێستا بە پەیوەندی سەربازییەوە تێر دەبێت. پەیوەندی لەگەڵ ئەو هاوولاتیانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا سەرمایەگوزاری دەکەن، ساز ناکات و دەکەوێتە ناو رەوشێکەوە کە ئەو فرسەتە سەد ساڵانەییە بە ترسەوە لەدەست دەدات. ئەو وەزعە دەلالەت لەسەر دواکەوتنی سیاسەتی تورکیا دەکات و پێویستە تورکیا بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە لە بازاڕەکانی هەرێمەکە ماڵی تورکی زۆر کاری پێدەکرێت و لە سەدا ٩٥ بەڵێندەرایەتی هەرێمەکە بەدەست کۆمپانیا تورکییەکانەوەیە، دەرک ناکرێت کە بۆ چی تا ئێستا تورکیا لە هەرێمەکەدا بالیۆزخانەی نەکردووەتەوە.

یەکێک لەو بابەتانە کە زۆر لە سەری ڕادەوەستین، مەسەلەی کەرکووکە. نیوەی سەرچاوەی نەوتی عێراق هی کەرکووکە. کەرکووک بەم هۆیەوە هێشتا زۆرتر دەبێتە مایەی سەرنجدان. بە بڕوای من، سیاسەتی تورکیا لە بەرامبەر کەرکووکدا زەرەری بە هەر دوو لا گەیاندووە. سەرەڕای دراوسێتی و یەک ئایینی بوونی هاوولاتییان، تورکیا هێشتاکە نەیتوانیوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بازرگانی و نەوت سوود وەربگرێت. سەرەڕای ئەوە، هۆکاری پێداگریی تورکیا بۆ خستنە سەر هەرێمە عەرەبییەکانی کەرکووک نازانرێت. لەبەر ئەوەی شتێکی بەم جۆرە لە بواری سیاسی و ئابووریدا بە زەرەری تورکیایە و ئاکامی دژی بەرەژوەندییەکانی تورکیای لێ دەردەکەوێت. بە بڕوای من، سەبارەت بە کەرکووک بڕێک هەنگاو هەن، کە پێویستە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بهاوێژرێن. بە تایبەت لە بواری دیمۆگرافیدا، پێویستە بارودۆخێک دروست بکرێت کە هەموو گرووپە ئەتنیکییەکانی کەرکووک بتوانن لە شارەکەدا بە یەکسانی، لە ناو تەبایی، هێمنایی و برایەتیدا بژین. کەرکووک کە بە شێوازێکی دیموکراتییانە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئیدارە دەکرێت، هەم بۆ عێراق هەم بۆ تورکیا فایدەی زۆری هەیە. بۆ ئەوەی کە تورکیا لەو بارودۆخەی کە تێدایە ڕزگاری بێت، پێویستە بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە. تورکیا لە بواری ئابووریدا دەسکەوتی زۆر باش لە دەست دەدات.

دەبێ سەرلەنوێ پێناسەی پەیوەندییەکانمان بکەینەوە و بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەمەش، یەکێ لە شتانەی کە زۆر پێویستمان پێدەبێ، سەمیمییەتە. حەز دەکەم باس لە بەسەرهاتێک بکەم: بۆ ئەو پێشانگای بازرگانی و پیشەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە دیاربەکر کردمانەوە، لە هەرێمی کوردستانەوە نزیکەی ٢٥٠٠ کەسمان بانگهێشت کردبوو. بەڵام بەهۆی ڕاگرتنی زۆریان لەسەر سنوور، زۆربەی بانهێشتکراوەکان پەشیمان بوونەوە. نزیکەی ٤٠٠ میوانمان بە ساغ و سەلیمی گەیشتن. سەرنجتان ڕادەکێشم، باسی نێوانی ئەربیل–دیاربەکر دەکەم، نەک بەغداد–پەکین.

بە ڕاشکاوانە پێتان دەڵێم، کوردستان دوبەی و تورکیاش ئینگلتەرای داهاتوون. ئەمە بەپێی مەنتقێکی تازە دروستی ناکەم، بەڵکو پشتئەستوور بە پشتبەستن بەیەک و هەلەکان وا دەڵێم. گەر هاندانی یەکتری و تێکەڵبوونی ستراتیژی سەرکەوتن بەدەست بێنێ، لە ماوەیەکی کەمدا دوورییەکی زۆر دەبڕین. دەبێ باوەڕمان بە بەرەچەڵەکیی و بەهێزیی بەهاکانی ئەم ناوچەیە بەهێز بێ. لە کاتی تێپەڕاندنی ترسەکاندا، ئەم ڕابردووە بەرەچەڵەکە، داهاتوویەکی بەهێز دێنێتە کایەوە.

بەشداربووانی ئازیز، دەزانم کاتی قسەکردنەکەم زۆر بوو. بەڵام لە پاش دواکەوتنێکی سەد ساڵەیی، زۆر شت هەیە بوترێن.

خۆشەویستی و ڕێزم پێشکەش بە هەمووتان و بۆ گوێگرتنتان.